## گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی هۆڵەندی ئارنۆڵد کارسکێنس دەربارەی، تاوانبار فرانس ڤان ئانرات وجینۆسایدی خەڵکی کوردستان

# (من پێم وایە لە 100% جینۆساید دژ بەگەلی کورد کراوە و بەتایبەتیش لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە، من خوازیاری کوردستانێکی ئازادم، کوردستانێکی سەربەخۆ)

**ئامادەکردنی ئەمیر قادر**

ئارنۆڵد کارسکێنس ڕۆنامە نووسی بەناوبانگی هۆڵەندی ساڵی 2003 بەیەکەمین بابەتی ئاشنابووم لەسەر تاوانبار فرانس ڤان ئانرات، داتر هەموو بابەتەکانیم لە گۆڤاری (نیوڕیڤیو) خوێندەوە، لەسەرەتای کۆکردنەوەی دۆکومێنتەکانەوە لەسەر تاوانبار فرانس ڤان ئانراتداهەستم بەوردی وڕاستی کارولێکۆڵینەکنی کرد دواترهەر ئەم دۆکومێنتانەش بوونە بنەمایەکی تر بۆساغکردنوەی تاوانەکانی لەپاڵ سەدان دۆکومێنتی تردا، لەسەرەتای دادگایی تاوانباردا لە کۆتایی ساڵی 2003دا ئارنۆڵدم لەدادگا بینی لەنزیکەوە قسەمان کرد وە بووینە ئاشنای یەکتری، لەو کاتەوە تا ئێستا هەمووجارێک لەدداگا بینیومە لە نزیکەوە چەند مەترێک لە تاوانبار فرانس دادانیشێت و شتەکان یاداست دەکات، کە خەریکی نووسینی ئەم کتێبەی بوو زۆرجار بۆ زۆر پرسیار پەیوەندیکردووە، شتێک کە زۆر سەرنجی راکێشام کاری پرۆفیشناڵی بوو، بۆ هەرکارێک یان هەر ڕستەیەک کەلەسەرت بنووسێت پرست پێدەکات و ڕاو بۆچوونت وەردەگرێت، هەر ئەمەش وایکردووە کە نووسینەکانی خانەی دۆکومێنتەکانی جەنگ لە هۆڵەندا(نێ.ئی، ئۆ، د)کتێبەکەی وەک بەرهەمی ناوازە قەبووڵکرد وە داینا، من و هاوڕێم کامەران ئەحمەد وەک تەنها کورد ئامادەی ئاهەنگی بڵاوردنەوەی کتێبەکە بووین کەزۆر ڕۆژنامەوان و سیاسیەکانی هۆڵەند ئامادەبوون و هەروەها فرێت تێفنس–داواکاری گشتی (لەدۆزی تاوانبار فرانس ڤان ئانراتدا) ئامادەبوو وە یەکەمین نووسخەی کتێبەکەی وەرگرت وە پەیامێکی کورتی دا وە قەدردانی زۆری کارەکانی ئارنۆڵدی کرد، منیش هەر لە ڕاڕەوەکەدا ئەم گفتوگۆیەم لەگەڵد ئەنجامدا.




**ئارنۆڵدکارسکێنس-ئەمیر قادر**




**ف-تێفنس لەکاتی قسەکردن لەسەر کتێبەکەی ئارنۆڵد**

**پرسیار**: ڤان ئانرات داوایکرد سەدام و عەلی کیمیایی شایەدیبدەن لە کاتی پێداچوونەوەی دۆزەکەیدا لە لاهای لە ڕۆژی 23-10-2006 دا، چۆن ئەمە دەبینیت؟ئایە ئەمە دوەرێکی دەبێت؟

**ئارنۆڵد**: من لام وانیە لەم کێشەیەدا گوێ لەشایەدی سەدام و عەلی کیمیاوی بگیرێت، ئەمە شتێکی واقعی و دروست نیە، شتێکی تریش هەیە کە دۆکومێنت و تەلەکس هەن کە تیایدا ڕێڕەوی پەیوەندیەکان دیارە لەنێوان فرانس و کێدابووە، وەچی بردراوە، دەوری فرانس بردنی ئەم مادانە بووە بە قاچاغ، شەرت نیە سەدام ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەمەوە بووبێت یان ئاگادار بووبێت.




**بەرگی کتێبی(هیچ پەشیمان نیم)**

**پرسیار**: ئایاکتێبەکەت کە ئەمڕۆ بڵاوبۆوە بەناونیشانی (هیچ پەشیمان نیم!) هەر باسی ئانرات دەکات ؟یان کۆمپانیا هۆڵەندیەکانیش بەشێکی گرنگی کتێبەکەتن؟

–زیاتر لە نیوەی کتێبەکەم باسی ئەو چەکە کیمیاویانە ئەکات کە سەدام بەکاری هێناون چ دژی ئێران چ دژی کوردەکان،کۆمپانیا هۆڵەندیەکانیش بەشیان هەیە، لەسەرەتاوە کە یاساکانی بازرگانی بەم چەکانەوە نەبوو واتەپێش ساڵی 1985 کۆمپانیا هۆڵەندیەکان کەل و پەل و ماددەی کیمیاویان داوە بە عێراق،بەڵام ڤان ئانرات هەربەوەوە نەوەستاوە بەڵکوسەرجەمی ئەم یاسایانەشی پێشێلکردووە،ئەو گەورەترین بازرگانبووە کە ئەم کارانەی کردووە بەلاَم بێگومان کۆمپانیا هۆڵەندی و ئەمریکی و ئەوروپیەکانیش کەمیان نەکردووە !.

**پرسایر**: سزای 15 ساڵ زیندانی بۆفرانس ڤان ئانرات و دان پێداهێنان و ساغکردنەوەی جینۆسایدی کوردەکان لە دادگای لاهای،ئایا هەرئەم سزایە بەسە؟یان لات وایە کە ڤانئانرات تاوانباریشە بە تاوانی هاوکاری کردن لە جینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا؟

–بەڵێ من لام وایە کەئەو تاوانبارە بە هاوکاری کردن لە جینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا بۆیەش زۆر لام باشە کە داواکاری گشتی لە پێداچوونەوەی دۆزەکەی ڤان ئانراتدا داوای ئەمە دەکات،من لە کتێبەکەشمدا ئەوەم باس کردووە،بەتایبەت دوای ئاگاداربوونی ئانرات لە کارە ساتی کیمیابارانی هەڵەبجەش ئەو بەردەوام بووە لە هاوکاری و بازرگانی بەم مادانەوە لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا،ئەمەش زۆر گرنگە بۆ ڕوون کردنەوەی ئەوەی کە ئەو هاوکارە لەجینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا.

**پرسیار**: 15 ساڵە لێکۆڵینەوە دەکەیت و بەدوای ئەم تاوانبارەوەیت، بۆ یەکەم جار لەساڵی 1991 کەبۆیەکەم جار بینیت لەبەغدا تا چەند ڕۆژ لەمەو بەر لەکاتی پێداچوونەوەی دۆزەکەیدا لە لاهای هۆڵەندا،ئەم پیاوە هیچ گۆرانێکی بەسەرداهاتووە،هیچ ئاڵوگۆڕێک بەدی دەکەیت لە بارو دۆخ و ئاکاریدا؟

–من هیچ گۆڕانێکی تێدا بەدی ناکەم،وەک خۆی ماوە،خۆپەرست و لووت بەرزو سەنتپەرستە،تەنها بەخۆیەوە خەریکە،تائەو ڕادەیەی کە لەکاتی دادگاکەشدا و لەبەردەمی دادگاشدا هیچ هەستێکی بەرانبەر ئەو بریندارو قوربانیانە دەرنەبڕی کە بە چەکەکانی ئەو نەخۆش و پەککەوتەبوون،ئەو بە قسەی خۆی هەست بە تاوانو پەشیمانی ناکات،بۆ یەش من ئەم کتێبەم هەر بەناوی ئەو گفتەی خۆیەوە ناوزەدکردووە کەلە یەکێک لە دوایین گفتوگۆکاندا ووتی (هیچ پەشیمان نیم !)،وانەیەک کەمن زۆر لام مەبەستە لەم کتێبەمدا گەیاندبێتم سادەیە،ئەوەیە کە هەست بکات هەڵەی کردووە،بڕیاری هەڵەی داوە،کاری خراپی کردووە، ئەوەت لە بیر نەچێت کە ئەکرێت کە هەموو کەس ڤان ئانرات بێت ئەگەر لە ژیاندا هەڵبژاردنی هەڵە بکات،بڕیاری هەڵەو کاری هەڵەبکات،گرنگە لەوە دڵنیابیت کە ڤان ئانرات نەخۆشی دەرونی نیە،ساغ و تەندروست و سەرحاڵە! بەم وەزعەشەوە ئەم تاوانەی کردووە،کەواتە بەرپرسە لەکارو کردەوەکانی و تاوانەکانی،مەبەستمە بەو پەڕی هۆشیاری و ئاگایانەوە ئەم کارانەی کردووە،فێڵی کردووە بۆ دەربازکردنی چەک و مادەکان و بۆنموونە ناوو کۆدی چەکەکانی گۆڕیوە یان لە مەسیرو

ڕێگاکاندا کاری زۆر شەیتانی کردووە،دیارە هەموو ئەمانە بە دۆکومێنت هەیە بۆنموونە لە پەیوەندەکانیدا لەگەڵ تاوانبارو هاوکارو شەریکە یابانیەکەی (تەنەکا)دا بە باشی دیار دەکەوێت.

**پرسیار**: ئاسۆی ئەوە ئەبینی کە داواکاری گشتی لێکۆڵینەوە یان کاردانەوەی هەبێت بەرانبەر ئەوکۆمپانیایانەی کە لەم کارانەوە گلاون؟یان لات وایە کە قوربانیەکان ئەبێت شکات بکەن؟

–من لام وایە کە ئەبێت قوربانیەکان داوابکەن،بەڵام من خۆم زیاتر خوازیاری ئەوەم کە پەرلەمان ئەبێت لەسەر ئەمە لێکۆڵینەوەبکات و بڕیاریش بدات،واتە سیاسیەکان بەم کارە هەستن،واتە دەوڵەتو دەسەڵات ئەم کارە بکەن بەڵام قوربانیەکان نابێت بێدەنگ بن.

چەند پرسیاری خیرا،ئەم ناوانە گوزارە لە چی دەکەن لای تۆ؟

**پارێزەری گشتی (فرێد تێفینس)؟**
باشترین ئۆفیسەری وەزارەتی داد ، لە دۆزی فرانس ڤان ئانراتدا دەوری زۆر گرنگ بوو.

**بەغداد ؟**

شارێک کە زۆر جار سەفەرم کردووە بۆی،زۆر ناخۆشی بینیووە و کێشەی زۆر تێدابووە،تاوانی تێدا ئەنجام دراوە،ئومێدمە کەجارێک بە ئارامی سەردانی بکەمەوە،من زۆر لە عێراق ژیاوم،خەڵکەکەم خۆش دەوێت، سەردانی کوردستانیشم کرووە،دوایین جار لە مارسی 2006دا، من زۆر لەم کارو بەدواداچوونەمدا ماندوبووم،بەشێکی ئەوەیە خەڵکی ئەم وڵاتەم خۆش دەوێت.

**کوردو جینۆساید؟**

من پێم وایە لە 100% جینۆساید دژ بەگەلی کورد کراوە و بەتایبەتیش لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە،من خوازیاری کوردستانێکی ئازادم،کوردستانێکی سەربەخۆ،بە لام ئەوە بەکوردەکان بگەیەنە لە زمانی منەوە کە کوردەکان زۆر گرنگە لەناوخۆیاندا بەیەکەوە تەبابن بتوانن بەیەکەوە بژین،من ئاگادارم کە زۆر جار بەیەکەوە شەڕیان بووە،کوردەکان خۆیان دەتونن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن،ئەمە بەشێکی زۆری بەکورد خۆیەوە پەیوەستە،ئەگەر تۆ لەناوخۆتدا یەکگرتووبیت بتوانیت بەیەکەوە بژیت خەڵکی دەرەوەش دانت پێدادەنێن و پشتیوانت دەبن.

**هەردوو گەورەکۆمانپانیایی (ک.ب.س) و(مێڵ خیمی)؟**

ئەوانە دووکۆمپانیای هۆڵەندین کەلەسالآنی سەرەتادا واتە پێش 1985 ماددەو کەرە سەی کیمیاویان بە عێراق فرۆشتووە،ئەوان باس لەوە دەکەن کەلەسەرەتاوە لە ئامانجەکانی عێراق ئاگادارنەبوون، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە ئەو ماددانە لە لایەن ڕژێمی سەدامەوە بەکارهاتوون بۆ بەرهەم هێنانی چەکەبەکۆمەڵ کوژەکان.

دواپرسیارم ئەوەیە،گوایە زۆربەش لە کتێبەکەت لابردووە یان دەست کارێتکردووە؟ لەژێر فشاری کۆمپانیاو میدیاو دەسەلاتدا؟

ڕاستیەکەی لادانی بەشەکان نەبوو،بەلام هەندێک دەستاکری بووە لە دارشتن و پەیڤەکاندا،ڕاستیەکان و شتەکان هەموو ماون لە کتێبەکەدا،بۆ نموونە شتێکی زۆر تازەی تێدایە کە کۆمپانیای (مێل خیمی) دان بەڕاستیکاندا دەنێت کە ئەم ماددانەی داوە بەعێراق،بەلام لەهەمان کاتیشدا باس لەوە دەکەن کە زۆریان لاناخۆش بووە کەبەکارهاتووە وە کۆمەلکوژی پێکراوە.

---

# سەرجەم وێنەکان هاورێم کامەران ئەحمەد گرتوونی وەزۆرێک لە باباتەکانی ئارنۆلدی لە هۆلەندیەوە کردۆتە کوردی سوپاس و دەستخۆشیم بۆی
بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی ناوەندی چاک

http://www.nawandihalabja.com/ku/index.php?option=com_content&task=category&sectionid=5&id=14&Itemid=26
http://www.chak.info